سەرۆک وەزیران پێشوازی لە داواکاری گشتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەکات

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی ئێوارەی ئەمڕۆ یەکشەممە پێشوازی کرد لە داواکاری گشتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی کەریم ئەحمەد خان و شاندەکەی یاوەری.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە راگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە"لە کبوونەوەکەدا تاوتوێی میکانیزمەکانی هەماهەنگی نێوان حکومەتی عێراق و دادگای تاوانی نێودەوڵەتی کرا بە لێپێچینەوە لە ئەندامانی چەتە تیرۆریستییەکانی داعش کە تاوانیان لە عێراق ئەنجامداوە، وە ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بە هەنانەدی دادپەروەری بە ئەو هەزاران قوربانییەی کە لەسەر دەستی تیرۆر گیانیان لەدەستداوە".

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جەختی کردەوە لەسەر پێویستی پشتیوانیکردنی عێراق لە دادگاییکردن و لێپرسینەوە لە ئەو توخمە تیرۆریستییانەی کە بوونەتە هۆی گیان لەدەستدانی عێراقییەکان و کەمکوژی دەندانەیان لە دژی هاوڵاتیانی سڤیل ئەنجامداوە، ئاماژەشی بۆدا کە عێراق لەبری جیهان شەی تیرۆری کردووە و توانیویەتی شکستی پێ بهێنێت و قوربانی زۆری لەو پێناوەدا داوە.

سودانی داوای لە دادگای تاوانی نەودەوەتی کرد هاوکار و پاپشتی عەراق بێت لە دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی کە پاپشتی دەکەن لە تیرەر لە عەراق، جا چی دەوەت بن یان دامەزراوە، بە ئەوەی لە دادگاکانی عەراق دادگایی بکرێن.

لە لای خۆیەوە، ئەحمەد خان جەختی کردەوە لەسەر پەرەشی دادگای تاوانی نەودەوەتی بە بەدواداچوون و لەپرسینەوە لەو کەسانەی کە سەر بە ەکخراوە تیرەریستییەکانن لە عەراق، هەروەها بە هەنانەدی دادپەروەری بە قوربانییەکان، ئاماژەی بەوەشکرد کە عەراقییەکان لە ەگەی یەکگرتوویی و پەکوەژیان و سووربوون لەسەر پاککردنەوەی خاکەکەیان داعشیان تەکشکاند.